# تەکنیکی گێڕانەوە لە دیوانی (کورسی) شێرکۆ بێکەسدا

ئاوارە فەریدون قادر

کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ، عێراق

Email: awara.qadir@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کارکردنە لەسەر تەکنیکی گێڕانەوە لە دیوانی(کورسی) ی (شێرکۆ بێکەس)دا، بۆ ئەم مەبەستەش سەرنجی سەرەکی لەسەر گێڕانەوەی خودی و بابەتییە، لەلایەک نووسەر بووەتە چەقی ڕووداو و بگێڕەوەی ڕووداوەکان، لە لایەکی تریشەوە ئاگادار و نووسەرەوەی ڕوداوەکانە، وەک ئەوەی، کە پێویستە بخرێتە ڕوو. لەمەش گرنگتر هۆکار و کاریگەریەکانێتی، کە لەناو دەقەکاندا خراوەتە ڕوو. پرۆسەی گێڕانەوە لە ژانری ئەدەبیدا گرنگییەکی زۆری هەیە، گێڕانەوە تەنها ئەوە نییە نووسەر بابەتێك بگێڕێتەوە و بە شێوەیەکی سادەوساکار بیخاتەڕوو، بەڵکو پێویستە گێرەرەوە لە گێڕانەوەدا بەشێوەیەکی هونەری تواناکانی خۆی بەکار بەرێت و هزر و هەست و سۆزی تێکەڵی گێڕانەوەکە بکات و بەخەیاڵفراوانی خۆی چێژی پێ ببەخشێت و هونەرێکی ئیستاتیکی بخولقێنێ و بتوانێ بیگوێزێتەوە بۆ گوێگر(خوێنەر).

گێڕانەوە، یەکێکە لە تەکنیکە نوێکانی دەق و لەپێناو خستنەڕوو، یان گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە، یان ڕودەدەن بخاتەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر گێڕانەوەی وەک ئامراز و هۆکارێک بەکارهێناوە لەپێناو گەیاندنی پەیام و مەبەستەکەیدا، هەربۆیە چەندین شێواز و جۆری جیاوازی خستوتەڕوو.

**کلیلە وشە:** تەکنیک، گێڕانەوە، کەسێتی، دیالۆگ، ڕوداو.

**الملخص:**

السرد أداة فنية وأدبية يستخدمها المؤلف في نصه كوسيلة للوصول إلى المعنى المقصود. في جميع المجالات، يعتبر السرد أساس الحوارات والأحداث والأوصاف. لذلك، فهي عملية حاسمة لإنتاج المحتوى. من أجل إيصال رسالته، يعتمد السرد على حالة العصور.

بشكل عام، يلعب السرد دورا مهما في جميع الأنواع الأدبية، ويخضع لتغييرات بناء على البيئة والزمان والمكان والظروف والتاريخ والمجتمع. تؤكد هيمنتها وترسي مكانتها في الأنواع الأدبية.

يستخدم الشاعر تقنية السرد في مجموعته الشعرية للكرسي بهدف تقديم بعض أجندة السرد المهمة. الغرض الرئيسي هو ربط القارئ بالوقت بهدف فهم الظروف والأحداث أثناء الإشارة إلى الأزمان المختلفة، فيما يتعلق بتسلسل الوقت أو التاريخ أو العصور.

**الكلمات المفتاحية:** التقنية، السرد، الشخصية، الحوار، الحدث.

**Abstract:**

Narration is an artistic and literary device employed by the author in their text as a means to reach the intended meaning. In all the fields, narration is the basis for dialogues, events and descriptions. Therefore, it is a crucial process of content production. In order to deliver its message, narration depends on condition of the ages.

Generally, narration plays an important role in all the literary genres, and it undergoes changes based on environment, time, place, conditions, history and society. It asserts its hegemony and establishes its position in the literary genres.

The poet uses the technique of narration in his poem collection of *Kursi* with the aim of presenting some important agenda of narration. The main purpose is to connect the reader to time with the aim


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

of comprehending the conditions and events while resorting to different ages, with regards to the sequence of time, history or ages.

**Keywords:** Technique, Narration, Character, Dialogue

**پێشەکی:**

گێرانەوە ئامرازێکی تەکنیکی ئەدەبییە و نووسەر لە پێناوی گەیشتن بە مەبەست و ئامانجەکەی لە دەقەکەیدا دەیگرێتەبەر، لە ناو کۆی بوارەکانیشدا بنچینەی دیالۆگ و ڕووداو و وەسفەکانە، بەمەش پرۆسەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی دەقە. لەگەڵ ئەمەشدا پشت بە بارودۆخی زەمەنەکان دەبەستێت، لە پێناو گەیاندنی ئامانجەکەیدا. گێرانەوە بەشێکە لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبی بە گشتی، دەقی شیعریش بەو پێیەی باسکردنە لە روداوەکان، بۆیە گێرانەوە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەقی شیعری، بەتایبەتی چیرۆکە شیعر بەوەی هەر شیعرێك چیرۆکێك بگێڕێتەوە و مەبەستی ئاشکرای شیعرەکە گێرانەوەی چیرۆك بێت.

بەشێوەیەکی گشتی گێرانەوە لە سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە و بە شێوەی جۆراوجۆر بە پێی ژینگە و شوێن و کات و بارودۆخ و مێژوو و کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا دێت و پێگەی خۆی لە نێو ژانرە ئەدەبییەکاندا دەچەسپێنێت. لەو ڕووەوە، بەکارهێنانی تەکنیکی گێرانەوە لە دیوانی شیعری (کورسی) دا، مەبەستی بەخشینی چەند کارنامەیەکی گرنگی گێرانەوەیە و لە لایەن شاعیرەوە بەکارهێنراوە، مەبەستی سەرەکیش بەستنەوەی خوێنەرە بە کاتی ڕووداوەکانەوە، لە پێناو هەستکردن بە بارودۆخ و خوێندنەوەی ڕووداوەکان، ئەوەش بە پشتبەستن بە زەمەنە جیاوازەکان، ئیدی بە پێی بەدوایەکدا هاتنی کات بێت یان مێژوو و سەردەمەکان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمک و پێناسەی تەکنیک و گێرانەوە کراوە، بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ جۆرەکانی تەکنیکی گێرانەوە لە دیوانی (کورسی)ی (شێرکۆ بێکەس)داو بەشی سێیەمیش جۆرەکانی فلاش باک بە نموونەوە خراونەتەڕوو.

**- ئامانجی لێکۆڵینەوەکە**

1- دیاریکردن و ناساندنی بونیادی گێرانەوە.
2- دەرخستنی ڕۆڵ و پێگەی گێرانەوە، لە دیوانی (کورسی)دا.
3- پیشاندانی دیارترین و کاراترین جۆری گێرانەوە لە دیوانی (کورسی)دا.
4- دیاریکردنی کارلێکراوی گێرانەوە لەسەر دیوانی (کورسی).

**بەشی یەکەم: چەمک و پێناسە**

**تەکنیک:**

تەکنیک زاراوەیەکی بڵاوی بەکارهاتووە لە ژیانی ڕۆژانەو لە هەموو بوارەکاندا بەکاردێت. بەم پێیەش تەکنیک بریتییە لەبەکارهێنانی شێواز و میکانیزمێک. لەپێناو گەیشتنە ئامانج، یان بەدیهێنانی ئامانج لە نووسیندا، یاخود بەکارهێنانی هەموو ئەو کەرەستانەی، کە دەق پێویستی پێیەتی. بەمەبەستی تیشک خستنەسەر ئەو کار و دەقەی، کە مەبەستە بخرێتەڕوو، بەشێوازێک لە ڕووی دەروون و هەست و... تاد لەگەڵ تەکنیکدا بگونجێت. تەکنیکی شیعریش لە بنەڕەتدا خۆی لە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی هونەریدا دەنوێنێت، کەوا تانوپۆی دەقی شیعریی پێک دەهێنێت و شێوەی کۆتایی و یەکانگیری پێدەبەخشێت.

تەکنیکی گێرانەوە، کۆمەڵێک تەکنیک و ڕێگەیە کە نووسەران لەپێناو گەیشتنە مەبەست لەپرۆسەی گێرانەوەدا دەیگرنەبەر، بۆیە تەکنیکی گێرانەوە دەبێتە ستراتیژیەتی گەیاندنی زانیارییەکان بەخوێنەر، ئەمە جگە لە گەشەدان بە جۆرێک، یان چەند خوێندنەوەی دەقەکە و چێژ بەخشین بەخوێندنەوەکەی، یاخود ڕێگەی خستنە ڕووی چیرۆک، یان ڕووداوەکان لە ڕێگەی چەند شێواز و شێوەی هونەری ئەدەبییەوە. هەموو ئەمانەش لە پێناو گواستنەوەی ڕووداوەکانە بۆ خوێنەر، یاخود گواستنەوەی ڕاو سەرنجەکانە لەپێناو گواستنەوەی ڕاستی یان ڕووداوەکانی دەق بۆ خوێنەر. کەواتە تەکنیکی گێرانەوە یەکێکە لە هونەرە گرنگەکان و مەبەست لێی هەموو ئەو شتانەی، کە پیوەندی بەگوتاری گێرانەوەوە هەیە وەک باسکردن لە ڕووداوەکان و گواستنەوەیان لەڕێگەی زەمان، یان وێنەکانەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**- گێرانەوە**

لە فەرهەنگی (خاڵ)دا گێرانەوە بریتییە لە " باسکردنی شتێکی ڕابووردوو بۆ یەکێک"(خاڵ،٢٠٠٥،٤٢٢)، لەفەرهەنگی هەنبانەبۆرینەشدا بە واتای"گەڕانەوە، باسکردنی قسەی گوتراو" دەگەیەنێت(هەژار، ١٣٤٩، ٧٤١ ) لە زمانی کوردیدا گێرانەوە، " وشەکانی: ڕاز، بەسەرهات، سەرد، حیکایەت، نەقل، قەول، سەرگوزەشتەشی بۆ بەکاردێت. هەمووشیان نیشانەری (narration)ی ئینگلیزی و (ریوایت، حیکایت)ی فارسی و (سرد)ی عەرەبین" (کاکە محەمەد، ٢٠٢٢، ٥)، لە ڕووی تەکنیکەوە "گێرانەوە دەبێ شێوەیەکی هونەری وەربگرێت و لە لایەن کەسێکەوە ئەنجام بدرێ و ئاراستەی وەرگرێک بکرێت و کەرەستەکەشی گێرانەوەی ڕووداوێک، یان بەسەرهاتێکە و مەبەستیشی وروژاندنی هەستی وەرگرەکەیە"(ڕەسول، ٢٠٠٥، ٢٢)، شایەنی باسە لە ئەدەبدا گێرانەوە "بریتییە لە زاراوەیەکی ئەدەبی هونەری مانای حیکایەت کردن یان گێرانەوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن نووسەرەوە، یان کارەکتەرێکەوە لە بەرهەمێکی هونەریدا، هەوڵی وێنا کردنی وردەکاری بارودۆخی ڕووداو و قەیرانەکان دەدات، هەروەها ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات هەواڵەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە واقعەوە هەیە یان نییە"(محەمەد، ٢٠٠٨، ٩٨)، لە ڕاستیدا گێرانەوەی ئەدەبی جیاوازە لە گێرانەوەی مێژوو، یان هەر جۆرە گێرانەوەیەکی تر، چونکە نووسەری بابەتی ئەدەبی خاوەنی سەربەستییە لە نووسیندا و لەسەر بنەمای خەیاڵ و وێنا و بیر و ئەندێشە کار دەکات. لەبەر ئەوە گێرانەوە لە ئەدەبدا جیاوازە، چونکە گێرانەوەی ئەدەبی زادە و گرێدراوی بیری نووسەرە، نووسەریش بەپێی بیر و تێڕوانین و ئایدیای خۆی، ئەرکی گێرانەوە بەڕێوە دەبات، "گێرانەوە خستنە ڕووی بەسەرهاتێکە بۆ کەسانێک وەک: مرۆڤ، فریشتە، ئاژەڵ و شت هاتووەتە پێش، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، وەسفکردن و نیشاندانی بە زمانێکی ورد چنراوی پەخشانی یان شیعریی، بە ڕەچاوکردنی چۆنێتی باسکردن و شێوازی ڕێکخستنی ڕووداوەکان" (کەسنەزانی، ٢٠٢٢، ١٥)، بەو پێیەی مەرج نییە تەنها لە زمانی مرۆڤەکانەوە پرۆسەی گێرانەوە ڕوودەدات، بەڵکو زۆر جار لە ڕێگەی بەکەسکردنەوە کاری گێرانەوە ئەنجام ئەدرێت. گێرانەوە "وەکو پرۆسەیەکی گفتوگۆ و ئاخاوتن پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤدا بۆ خۆی داگیر کردووە"(فەرەج،٢٠٢٢،١٩٨)، هەر بۆیە، مەرج نییە گێرانەوە لە ئەدەبدا گێرانەوەی ڕووداوێکی تەواو ڕاستەقینە بێت، چونکە دەشێت ئەو ڕووداوە ڕوویدابێت، یاخود ڕووبدات، یان نووسەر ئاواتەخوازی ڕودانیبێت، هەرچەندە ئەگەر ڕوداوەکەش تەواو ڕاستەقینە بێت، بەڵام پەیوەستە بە تێڕوانین و هونەر و بیروبۆچوون و کارامەیی نووسەر لە پێناوی وێناکردن و چەشەی ئەدەبیدا.

گێرانەوە بریتییە لە باسکردن لە ڕووداوێک، کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە یاخود ئەو ڕووداوانەی کە لە زەینی نووسەردا هەن و بەناوی ئێستا، یان ئایندەوە دەیانگێڕێتەوە، و بەیەکێك لە گرنگترین بوارەکانی تیۆری ئەدەبی سەردەم دادەنرێت. بەشێوەیەکی گشتی گێرانەوە لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا بوونی هەیە، بەڵکو ڕۆڵی بەرچاویش دەگێڕێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە گێرانەوە ڕایەڵەی بەستنەوەی بابەت و ڕووداوەکانی نێو دەقە و زەمان بنەما و کۆڵەکەی سەرەکییەتی، لەو ڕووەشەوە (ڕۆلان پارت) سەبارەت بە گێرانەوە دەڵێت: "گێرانەوەکانی دنیا بێ ئەژمارن، و گێرانەوە بریتییە لە ژانرێکی ئەدەبی هەمە چەشن، کە خۆی بەنێو بابەتگەلی جۆراوجۆردا بڵاوبۆتەوە"(ویستیر،٢٠٠٦، ٩٤). گێرانەوە سنورێکی دیاریکراو و چەقبەستووی نییە و مەودایەکی فراوان داگیردەکات و ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە بوارە جیاجیاکاندا، بەتایبەتی لە ئەدەبدا ڕۆڵێکی چالاکی هەیە. ڕەخنەگر و تیۆری داڕێژەری ئەمریکاییش (فرێدرێك جیمسۆن) دەڵێت: "پرۆسەی گێرانەوە، وەك کارکردنی سەرەکی، یان نموونەیی زەینی مرۆڤ لە قەڵەم دەدەم، کەواتە گێرانەوە بنەمای تێفکرین و سەرومری نووسین، یان گشت شێوەکانی مەعریفە و زانیاریمان دادەمەزرێنێت"(ویبستیر، ٢٠٠٦، ٩٢). گێرانەوە یەکێکە لەو پرۆسانەی، کە ئامادەیی بەردەوامی هەیە و هەموو کەسێك لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا پراکتیزەی دەکات، "لە سەردەمی ئێستادا گێرانەوە لەوە فراوانترە کە بیری لێدەکرێتەوە، ئەمەش لە ئاستی زۆر ورد و جودادا دەبینرێت، هەر لە ئەدەبیاتەوە بە ژانرە جیاکانییەوە، تا هونەری نوێینە و بابەتی ڕاگەیاندنەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سیناریۆی سیاسی و تۆڕی کۆمەڵایەتی. ئەمەش بەشێوە جوداکانی وێنە و دەنگ و ڕەنگ و موزیک و کۆمیک و ئیمۆجیش دەردەکەوێت" (کەسنەزانی، ٢٠٢٢، ١٣)، بە شێوەیەک تاوەکو سەردەم و تەکنەلۆجیا گەشە بکات و بەرەو پێشەوە بچێت، ئەوا کاری گێرانەوەش لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێشچوونەکەدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت. گێرانەوە "جۆرێکە لە جۆرەکانی داهێنان و خولقاندنی مانا ناسانە، بە باوەڕی (پۆل ڕیکۆر)، گێرانەوە ڕەسەنترین شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ زەمان، چونکە بیرکردنەوەی ڕووت و ئەبستراکت هەرگیز توانای ئەوەی نییە گرێ پووچەکەی زەمان بکاتەوە"(یعقوبی،٢٠٠٥، ٧٣)، گێرانەوە گرێدراوی شوێن و کاتە و بەپێی کات گێرانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و وێنای زەمەنەکان دەکات و ئەگەر گێرانەوە نەبێت جیاوازی زەمەنەکان و گەشەسەندن و گۆڕانکارییەکانمان بۆ دەرناکەوێت،ئەمەش وایکردووە، کە گێرانەوە بە یەکێك لە گرنگترین بوارەکانی تیۆری ئەدەبی مۆدێرن هاتۆتە ئەژمار ,توێژینەوەکانی گێرانەوە ناسانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی ئەوتوژینەوانەی کە لەئەوروپاوە دەستیان پێکرد, بەردی بناغەی(پێکهاتەخوازی) ( STRUCTURALISM )) پێکدێنن و لە لێکۆڵینەوەی ڕەوتی دەقێکی ئەدەبی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ترازان و پێیان ناوەتە بوارگەلی بەربڵاوتری کولتوور و مرۆڤ ناسییەوە.( ویبستیر،٢٠٠٦، ٨٩)، گێرانەوە شێوازێکە لە شێوازەکان، کە ڕەگەزە ئەدەبی و هونەرییە هەمەڕەنگەکانی لەسەر دروست دەبێت (مجلە الاقلام،١٩٩٤، ٦٥)، مادام گێرانەوە باسکردنە لە کارەسات و ڕووداو و باس و... تاد، بێگومان شیعریش زۆرجار خستنە ڕووی ئەم شتانەیە،بۆیە گێرانەوە لەناو جەستەی دەقی شیعرییدا، هەر لەسەرەتاوە هەبووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شوێن و ڕۆڵی دەردەکەوێت و دەبێتە پێگەیەکی جوانی دەقی شیعریی، گێرانەوە لەناو شیعری کوردی بەگشتی و شیعری (شێرکۆ بێکەس) بەتایبەتی، پانتاییەکی فراوانی داگیرکردوە، ئەم تێرامانەش لە ناو شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا، بەهەموو شێوازەکانییەوە ( خودی، بابەتی ) بەدیدەکرێت.


**بەشی دووەم: جۆرەکانی گێرانەوە لە دیوانی کورسی شێرکۆ بێکەسدا**

شێرکۆ بێکەس هەر لەسەرەتاوە لە دیوانی (کورسی)دا نووسیویەتی دەقێکی واڵا، بەو واتایەی (شیعر، چیرۆك، پەخشان، شانۆنامە) لەخۆ دەگرێت، کە گێرانەوەش لە هەریەکێک لەمانەدا پێکهاتەیەکی سەرەکییە و شاعیر هەر لەسەرەتاوە ئەمەمان بۆ دەخاتە ڕوو، تاوەکو خوێنەر لەبازنەی خوێندنەوەیەکی باو دەربێنێت و بەتێرامانێکی جیاواز ئاراستەی کەش و ستاتیکا و جاویدانی شیعریمان بکات .ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەلایەك (شێرکۆ) بەهۆی ئەم گێرانەوەیەوە ڕابردوومان بیردەخاتەوە، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی ڕابردووەوە ئایندەمان پێدەناسێنێت، واتە پەیوەندی دوانەیی ڕابردوو و ڕانەبردوو دروستدەکات، چونکە "ئەگەر بەرهەمێك بەتەواوی لە ئیمڕۆدا لەدایك بووبێ (واتە لە سەردەمی هاوچەرخی خۆیدا)، ئەگەر بەردەوامی نەبەخشێتە ڕابردوو و لەگەڵیدا بەردەوامییەکی جەوهەری نەبێ، ئەوا ناتوانێ لە داهاتووشدا زیندوو بێ" (باختین،٢٠٠٨،١٧٧) هەموو ئەمانەش ئەرك و کارنامەی گێرانەوەن، بەو پێیەی "دەشێت ڕووبەرەکانی گێرانەوە بەشێوە هەمەڕەنگ و جیاوازەکانی خۆی، یەکێك بێت لەو سەرچاوە گرنگانەی، کە زمانی شیعر پەنای بۆ دەبات، بەو پێیەی گێرانەوە لە شیعردا میتافۆڕ و وێنەکانی فراوانتر دەکات و خەیاڵێکی بەرینتر هەم بەشاعیر و هەم بەوەرگریش دەبەخشێت، ئەمەش وا لەشیعر دەکات لە دەرەوەی سنورە تەقلیدیەکانی خۆیەوە بۆ زمانێکی تر بگەڕێت" (ئەسوەد،٢٠٠٦،١١٨)، لە گێرانەوەدا دەبێت گێڕەرەوەیەك هەبێت، کە ڕایەڵەی ڕووداوەکان بکات کە گێڕەرەوەی شیعرە، بەڵام "شێرکۆ توانیویەتی خۆی لەناو جەستەی دەقی شیعریدا، وەك بگێڕەرەوە کار بکات و تەنیا وەك چەمکی هزر و ئایدیا خۆی دەردەخات، ئەمەش لەپێناو سەرخستنی کارەکەی" (ڕەئوف،٢٠٠٩،١٤٩).

لە دیوانی (کورسی)دا شاعیر سنورەکانی شیعری تێپەڕاندووەو بەدوای پانتاییەکی فراوانتردا دەگەڕێت، تا لە ڕێگەیەوە هزر و خەیاڵی شیعریی خۆی بەکاربەرێت، بەم شێوەیە لێرەدا وێنەکان لەسیمای گێرانەوەیەکی شیعریدا بەرجەستە دەکات. بەم پێیە لە (کورسی)دا گێرانەوە فۆڕمە باوەکان تێدەپەڕێنێ و فۆڕمێکی نوێتر بەشێوەیەکی ئیستاتیکی بەرجەستە دەکات، بەشێوەیەك کە هەموو ژانرەکان لە دوو توێی (کورسی)دا لەخۆ بگرێت. لە ڕووی پراکتیکەوە بە شێوەیەکی گشتی چەند ڕێگایەك خراونەتە ڕوو، لەم ڕوانگەیەشەوە "فۆڕمالیستە ڕوسەکان، گێرانەوە دابەش دەکەن بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا، کە ئەوانیش گێرانەوەی (خودی) و گێرانەوەی (بابەتی)یە" (محمد،٢٠٠٩،١٥٧).لەم ڕوانگەیەوە جۆرەکانی گێرانەوە لەدیوانی (کورسی)دا بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




له پرۆسەی گێڕانەوەدا چەند جۆرێک گێڕانەوە دەبنە بنەمای سەرەکی کارنامەی گێرانەوە، بە هەمان شێوە ڕەخنەگری فۆرمالیستی ڕووسی (تۆمانشفسکی)، دوو جۆرە شێوازی گێڕانەوە دەستنیشان دەکات، کە ئەوانیش بریتین لە: ١- گێڕانەوەی خودی Subjective: گێڕەرەوە لە گۆشەنیگای چیرۆککگێڕەوە، یاخود گوێگرەوە بەدوای ڕووداوەکاندا دەچێ. ٢-گێڕانەوەی بابەتی Objectiv: لەم جۆرەدا گێڕەرەوە هەموو شتێک دەزانێت، تەنانەت بیرەکانی شاکەسیش.(الخطیب، ١٩٨٢،١٨٩).

**یەکەم: گێڕانەوەی خودی**

یەکێکە لە شێوازەکانی گێڕانەوەی کارا لە کاری گێڕانەوەدا، ئەو گێڕانەوەیەیە کە گێڕەرەوە بە جێناوی یەکەمی قسەکەر (من) دەردەکەوێت و پەیوەندی بە خودی نووسەرەوە هەیە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، گێڕانەوەکە ئەنجام دەدرێت، کە نووسەر یان گێڕەرەوە بەشێکە لە ڕووداوەکان و بەشدارە لە بەرێوەچوونیاندا، واتە گێڕەرەوەی ڕووداو کەسێك نییە لە دەرەوەی بازنەی گێڕانەوەدا، بەڵکو لەناو بازنەی گێڕانەوەکەدایە و بەشدارە لە بەرێوەچوونی ڕووداوەکان و چالاکی و هەڵسوکەوتی کەسێتیەکان و بەرێوەچوونیان و دیاریکردنی ئەرکیان و......هتد، هەر خۆشی ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگرێتە ئەستۆ. کەواتە گێڕەرەوە بەپێی بۆچوون و تێڕوانین و بیرکردنەوە و ئاستی تێفکرینی خۆی و کاریگەر بوونی بە ڕووداوەکان و پێشبینیکردن و لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ڕەوتی ژیان و زانیاری دەوروبەر و هەڵسەنگاندنی بۆیان کاری گێڕانەوە ئەنجام دەدات و بەرهەمێکی نوێی لێ بەرهەمدەهێنێ. واتە"سەرچاوەی خودی تێڕوانینی تایبەتی نووسەرە بۆ ئەزمونەکان، لەبەر ئەوەشە گرنگی نووسەر بەوە دیاریدەکرێت، کە تا چ ڕادەیەك ئەزموونە دەرەکییەکان بۆ ئەزموونی ناوەکی وەردەگێرێت" (حسێن،٢٠٠٥،٣٠٢)، گێڕەرەوەکان، کە کەسێتییە بەشدارەکانی نێو دەقن، جۆراوجۆرن و خاوەنی تێڕوانین و سەرنج و بۆچوونی جیاوازن. گێڕانەوە "کاتێك دەگاتە لوتکەی گەشەسەندنی، کە شاعیر لە داهێناندا سەربەست بێت و پابەندی دستور و کلێشەی ئامادەکرا و نەبێت" (حسێن،٢٠٠٥،٣٠٥)، لە گێڕانەوەی خودیدا گرنگترینیان ئەو شێوازی گێڕانەوەیەیە، کە خوێنەر و کەسێتییەکانی نێو دەق ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوو دەبنەوە و بەریەککەوتن لە نێوانیاندا دروستدەبێت، لەبەر ئەوەی کەسێتییەکان خۆیان دەدوێن و گوزارشت لە تێڕوانینی خۆیان دەکەن، ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ دەگوێزنەوە بۆ خوێنەر، نەك لە دەرەوەی بازنەی ڕووداوەکان و لە ڕێی گێڕەرەوەیەکەوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی گێڕانەوەی خودی دابەشدەبێ بەسەر چەند شێوازێکدا :

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**أ- گێڕانەوە لە ڕێی کارەکتەرەوە**

لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا کەسێتییەکان خۆیان ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگرنە ئەستۆ، نەك کەسێکی دەرەکی، ئەم کەسێتییەش تەنها دەتوانێت ئەوەمان بۆ بگێڕێتەوە، کە دەربارەی خۆیەتی و لە چوارچێوەی زانیاری خۆیدایە، "ئەمەش دەبێتە هۆی جۆراوجۆربوونی ڕووداوەکان و هاتنە کایەی گۆشە نیگای جیاواز، چونکە لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا کەسێتییەکان ڕووداوەکان دەیگێڕنەوە، کەسێتیەکانیش جیاوازن و خاوەن گۆشە نیگا و جیهانبینی جیاوازن بۆ دیاردە و ڕوداوەکان، لەبەر ئەوە بەها و شێوەی گێڕانەوەش جیاواز دەبێت"( محمد،٢٠٠٩،١٦٩)، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ڕای جیاواز و بۆچوون و سەرنج و تێبینی جۆراوجۆر دروستدەبێ و فرە دەنگی دێتە کایەوە، چونکە هەریەکەیان لە گۆشە نیگای تایبەتی خۆیەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. هەر بۆیە مەرج نییە هەموو جۆراو جۆرییەك لە گێڕانەوەدا ببێتە هۆی هاتنە کایەی فرە دەنگی و"دەبێت ئەو فرە دەنگانە لە جەوهەر و ئامانجیشدا جیاوازبن، هەروەها دەکرێت ناکۆك و دژ بەیەکیش بن" (سوبحی، ٧،٢٠٠٠)، کەواتە گێڕانەوەکان بەپێی کەسێتییەکان (گێڕەرەوەکان) گۆڕانی بەسەردا دێت و بەجیاوازی گۆشەنیگاکان، گێڕانەوەکانیش جیاواز دەبن، بۆ نموونە:

ئەگەر تەندروستی تەختەکانت باش بێ لێرە زۆر
نامێنیتەوە!،کورسی قەت پەکی ناکەوێ چونکە
گشت وەرزێ ئەیەوێ، بەدبەخت ئێمەین بەم
هاوینە کێ ڕوو ئەکاتە لای ئێمە! کورسی، ل٢٢١-٢٢٢

وەک دەبینین لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی بەکەسکردنی عەلادینەوە، باس لە دەردە دڵی عەلادینمان بۆ دەکات، مەبەست لەمەش هەر تاکێکی ناو کۆمەڵە، کاتێک لە لایەن دەسەڵاتەوە بە پێی ئارەزوو و ویستی خۆیان، هەر کاتێک پێویستیان پێیان بوو بەکاریان دەهێنن و بە پێچەوانەشەوە فەرامۆش دەکرێن، هەر چۆن عەلادین بە پێی وەرزەکان گۆڕانکاری بەسەر بەکارهێنانیدا دێت و لە وەرزی گەرمادا کەس پێویستی پێی نامێنێ و فەرامۆش دەکرێت تا هاتنی وەرزی سەرما و سۆڵە، لەو ڕوانگەیەشەوە ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کەمرۆڤەکان هەمیشە لە خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان، ئەگەرچی لەسەر حسابی ئەوانی تریش بێت، کورسی قەت پەکی ناکەوێت، کە ئەمەش ڕەمزە بۆ دەسەڵات و هەمو لە خەمی بەدەستهێنانیدان.

یان دەڵێت: قەنەفەکە: ماندووم. ماندووم! تۆ نازانی ڕۆژی
پێشوو کابرایەکی کەتە جگە لە خۆی
فەردە شەکرێکیشی لەسەر دانا بووم.
کورسییەکە: وا کازیوە خەریکە لە ڕەشایی شەودا تاڵە
زیوینەکانی پرچی خۆی وردە وردە بەر ئەداتەوە و لە پاش
تۆزێکی تریش بە دڵنیاییەوە پەنجەرەی هەتاوی ڕۆژێکی
تازە ئەکاتەوە.......................... کورسی، ل٢٨٠

بە هەمان شێوە لێرەشدا لە زمانی کەسێتی قەنەفەوە، باس لە نەهامەتی و بارگرانییەکانی ژیان لای هەندێک کەس دەکات، و ئەو جیاوازییە دەخاتە ڕوو.

یان دەڵێت: چاوم لە خاڵێکی ڕەشدا چەند چرکەیەك
بوو بە پەرەسێلکەیەکی قەتیس.
ئەو وەختەی سەرم هەڵبڕی
پەرەسێلکەم بڵند فڕیو
لە تەختایی ساماڵێکدا هەوریکم دی
کە لە شێوەی "کورسیەکدا"
هەمان کورسی
نزیك بە بارەگای خودا، دانرابوو
چاوەڕوان بوو، بە ئێجگاری
ئازادی خۆی بێ و لە سەری دابنیشێ. کورسی، ل٢٩٦-٢٩٧

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


لێرەدا شاعیر ڕاستەوخۆ، خۆی دەبێتە گێڕەرەوە و بە شێوەیەکی هونەری ئەو ساتە وەختەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پەرسێلکەی خەیاڵی بەرزەفڕی لە تەختایی ساماڵێکدا هەورێکی لە شێوەی کورسیدا بەدیکردووە... تاد لە پێناو گەیشتنە ئازادی، ئەم ڕوانینەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە دوای چەندین ساڵ خەباتی گەلی کورد و بەدەستهێنانی نیمچە ئازادییەک لە باشوری کوردستان دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، خەون بەو ئازادیی و پێشکەوتنە کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە دەبینێت کە هێشتا دەستەبەر نەبووە.

**ب- گێڕانەوە لە ڕێی دایەلۆگەوە**

دایەلۆگ یەکێکی ترە لە هۆکار و ئامرازەکانی گێڕانەوە، کە نووسەری دەق لە گێڕانەوە و پێشکەشکردنی ڕووداوەکاندا پشتی پێدەبەستێت، کە کەسایەتییەکانی نێو دەق لە ڕێگەی دایەلۆگی نێوانیانەوە، ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، گرنگی ئەم گێڕانەوەیە لەوەدایە کاتێك دوو کەسێتی سەبارەت بە ڕوداوێك قسە دەکەن، ئەوا ئەو ڕوداوە لە دوو گۆشە نیگای جیاوازەوە دەخرێتە ڕوو و زیاتر وردەکاری تێدا بەرجەستە دەبێت و سەرنجی زیاتر دێتە کایەوە. هەروەها "کاتی بەرەوپێشچونی ڕەوتی ڕووداوەکانیش دەگۆڕێت بۆ کاتی ئاسایی، واتە ڕووداوەکان بە دەمی (ڕانەبردوو/ئێستا) ڕوو دەدەن، لە کاتێکدا ئەگەر گێڕەرەوەیەك ئەو ڕووداوە بگێڕێتەوە، لە یەك گۆشە نیگاوە لێی دەڕوانێت و کاتی ڕووداوە گێردراوەکانیش دەبن بەدەمی ڕابردوو" (محمد، ٢٠٠٩،١٧٥)، گێڕانەوەکان بە پێی ڕۆڵی کارەکتەرەکان جیاوازە و هەریەکەیان لە ڕوانگەی خۆیەوە باس لە ڕووداوەکان دەکات، دایەلۆگ شێوازێکە ڕووی ڕاستەقینەی کەسێتی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات و خوێنەریش لە ڕێگەی دایەلۆگی نێوان کەسایەتییەکانەوە جیهانی ناوەوەیانی بۆ دەردەکەوێت و "دەتوانێت باری دەروونی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری و ئاینی کەسێتییەکان بناسێت" (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩،١٥)، بۆیە لە ڕێگای دایەلۆگەوە ڕێچکە دروستدەبێت بۆ فرە دەنگی و خوێنەر لە یەك ئاراستە و گۆشە نیگاوە زانیارییەکانی پێناگات. لەگەڵ ئەمەشدا دایەلۆگی کەسایەتیەکان دەبێتە ئامرازێك بۆ دورکەوتنەوە لە تاك دەنگی گێڕەرەوە و "ناهێڵێت بەردەوامی گێڕانەوە خوێنەر بێزار بکات و ڕێ لەوە دەگرێت کە دەنگی گێڕەرەوە بەسەر دەنگی کارەکتەرەکاندا زاڵبێ و خوێنەر تەنیا گوێی لە دەنگی ئەو بێت" (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩،١٦)، بەشێوەیەکی گشتی گێڕانەوە لە ڕێگەی دایەلۆگەوە دەبێت بە دوو بەش ئەوانیش (دایەلۆگی ڕاستەوخۆ و دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ).

**1 -گێڕانەوە لەڕێگەی دایەلۆگی ڕاستەوخۆوە**

بریتییە لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان دوو کەسێتی، یان زیاتر لە دەقێکی ئەدەبیدا، کە کەسایەتییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی گفتوگۆ ئاراستەی یەکتردەکەن و وەڵام دەدەنەوە. شاعیر دەچێتە دەرەوەی بازنەی گفتوگۆکان و کەسێتییەکان بەزمانی ئاسایی و بە پێی (ئاستی ڕۆشنبیری و چینایەتی و کۆمەڵایەتی) یان و پێگەیان لە دەقدا دەدوێن، لە لایەن شاعیرەوە بەبێ دەسکاریکردن ڕاستەوخۆ وتەکانیان دەگوێزرێتەوە، بۆ نمونە:

یەکێ ئەیوت: من حەز ئەکەم
ببم بە پێشانگای کتێب !
یەکێکیتر: بە بۆفیەی ژووری کچێ.
یەکێکیتر: بە دۆڵابی قاپ و قاچاغ.
یەکێکیتر: بە چوارچێوەی تابلۆکانی وێنەکێشێ.
یەکێکیتر: بە سیسەمی ژن و مێردێ.......... کورسی، ل٦١-٦٣

لێرەدا لە ڕێگەی دایەلۆگی ڕاستەوخۆی نەورەسی ڕۆژنامە نووسەوە، لەگەڵ ئەو درەختانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەکردن، خەون و خولیای کەسەکانمان بە پێی کەسایەتی و پاشخانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان بەدەردەخات، لێرەشەوە جیاوازی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دیاریدەکات. کەواتە دایەلۆگ بریتییە لە ناساندن و ڕۆڵی تاکەکان بە پێی توانا و حەز و خواستەکان، جگە لەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە دایەلۆگی ڕاستەوخۆ بڕەخسێنێت وەک دەڵێت: پ: ئایا خۆشەویستت هەیە؟!

و: تەماشاکە ئا ئەو کچە دار هەنارەی ئەوبەرەوە.
بەڵام تەیمانی تونرکی باوك و دایك و براکەیان
ڕێی لێگرتوین، شەوێك فرسەتێ دروستبوو
خەریکبوو دەستم بیگاتێ و لە پرێکدا پەیکوڵی
باوکی پەیدابوو. چەقیە بن پێم.!

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پ: باشە ئەی ئەو؟! ئەو حەز ئەکا ببێ بەچی؟!
و: وا حەزئەکا، ئەگەر من ببم بەمێزێ بۆ شاعیرێ،
ئەویش ببێ بە کورسیەکەم!
پ: لەکام شوێندا؟! لەکام گونددا؟! لەکام شاردا؟!
و: ڕاستت ئەوێ؟! سلەیمانی! کورسی، ل٦٩-٧١

شاعیر لە ڕێی دایەلۆگی نێوان دوو کارەکتەرەوە بەشێوەی پرسیار و وەڵام دەیەوێت، لەم دایەلۆگە ڕاستەوخۆیەدا، ئەو ڕاستییە بخاتە ڕوو کە هەمیشە و زۆرجار لە کۆمەڵگای ئێمەدا و لە جیهانی سێ بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بەربەست بۆ خۆشەویستی نێوان دوو عاشق دروست ئەبێت و ناهێڵن بە ئاسانی و بێ باجدان بۆ یەک ببن.

**2- گێرانەوە لەڕێگەی دایەلۆگی ناڕاستەوخۆوە**

دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتی، یان زیاتری ناو دەقە، واتە"پەنابردنە بەر ڕووداو و جموجۆڵی ڕابردووی کەسایەتییەکان و گواستنەوە بەزمانی ئێستا لەگەڵ پاراستنی بیرۆکە و گرتەکان، کە تێیدا خێرایی زەمەنی ڕوداوەکان بەرجەستە دەبێت" (فەرەج،٢٠٢٢،٢٤٨)، بەڵام جیاوازی ئەم لەوەدایە کە گێڕەرەوەیەکی دەرەکی لەزمانی کەسایەتییەکانەوە کاری گێرانەوەکە بەڕێوە دەبات لە ڕێگەی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك یان کۆ، کاتێ دەڵێ (وتی، کردی، پرسی، وەڵامی دایەوە، جێبەجێیکرد، گوێیگرت،.......... هتد)، هەروەها لە ڕووی کاتەوە "کاتی ڕابردوو تێکەڵ بە کاتی ئێستا دەبێت، چونکە لە دایەلۆگی ناڕاستەوخۆدا چەند وتە و ڕووداو و جووڵەی کەسێتیەك، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، گێڕەرەوە دەیانگوێزێتەوە بۆ کاتی ئێستاو پێشکەشیان دەکاتەوە بە هێشتنەوەی پەیکەری بیر و وێنەی دایەلۆگەکە وەك خۆی" (محمد، ٢٠٠٩،١٧٨)، واتە دایەلۆگەکە لە ڕابردوودا ڕوویداوە و گێڕەرەوە لە ڕێی زەینەوە لە ئێستای گێرانەوەدا پێشکەشی دەکاتەوە، بەجۆرێك کارەکتەری گێڕەرەوە لە ڕێگەی خۆیەوە دایەلۆگەکە بە ناڕاستەوخۆیی دەگەیەنێت بە خوێنەر، بۆ نموونە:

پار بەهار بوو، هەر لێرەدا
حیزبێك سەیرانێکی گەورەی کردوو، سەرکردەیەکیان دەستی
کرد بە خوتبەدان. ئەیوت ئەم خاکە بەهەشتی
سەرزەمینە و
ئێرە بێشکەی شارستانی و دنیا بووە و، ئەیوت وەتەن
نووری چاوە، سەیر ئەوەبوو وەختێ هەستان، لەدوای
خۆیان پیساییان بۆ ئەم بەهەشتە جێهێشت و
وەتەنیان کرد بە زبڵدان!. کورسی، ل٧٨-٧٩

وەک دەبینین، شاعیر لە ڕێگەی جێناوی کەسی سێیەمی تاکەوە (وتی) کە سەرکردەکەیە، ڕابوردوو ئەهێنێتە ئێستاوە و نا ڕاستەوخۆ گلەیی و ڕەخنە ئاراستەی پارتە سیاسییەکان دەکات، کە چۆن خۆیان کردۆتە خاوەنی هەموو شتێک و بە حساب ئەوان لە خەمی نیشتمان و سەروەرییەکانی نیشتیماندان، لە کاتێکدا هەر خۆشیان ئەم بەهەشتەیان قۆرخکردووە و کردوویانە بە زبڵدان. بەمانایەکی تر شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەوەوە ئەو مەبەست و ئامانجەی خۆی بخاتە ڕوو، لە پێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەر.

یان دەڵێت: لەو کورسیانەی ئەدمۆنس ناژین
شیعری ئازاو کورسی بێکەس
هەر ئەمێنێ!
بەبێکەس مەڵێن بەهارە
ئەو نایەوێ جوانی بەدیلی ببینێ.
بە بێکەس مەڵێن وا گوڵ هات
پێشی مەڵێن نێرگزەجاڕ پێئەکەنێ
ئەو نایەوێ گوڵ لەناو ژووری کوێرێتیو
نێرگزەجاڕیش بێ ئاسمان

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


قەت ببینێ کورسی، ل١٠٨-١٠٩

گێڕەرەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەمی تاکەوە کە جێناوی (ئەو)ە و مەبەست لێی (بێکەس)ی شاعیرە، بەهۆیەوە دایەلۆگی ناڕاستەوخۆی دروستکردووە، لێرەدا شاعیر باس لە خودی بێکەس دەکات، کە هەمیشە لە خەمی ئازادی و سەروەری نیشتیمان و نەتەوەکەیدا بووە و لە بەکەسکردنی کورسییەکەی ئەدمۆنس و بێکەسەوە، باس لە خائینان و خۆفرۆشان ئەکات، کە هەمیشە بە ناشرینی و ناموی ئەمێننەوە و لەم نیشتیمانەدا جێیان نابێتەوە، مانەوە تەنها بۆ مرۆڤە بە هەڵویست و خاوەن ئیرادە و نیشتیمان پەروەرەکانە.

یان دەڵێت: خەڵکی ئەڵێن:
ئەو هەتاوە و ئەو مۆمە "بێکەس"ە و
ساڵانەش بە سەردان دێتەوە بۆ لامان! کورسی، ل١١٣- ١١٤

شاعیر لە ڕێگەی بەکارهینانی جێناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو)، کە مەبەست لێی (بێکەس)ی شاعیرە و بە ناڕاستەوخۆیی هاتۆتە بوون، شاعیر لەم دەقەدا لە مەحاڵ و نەبووندا، بون و ئیرادە بەرهەمدەهێنێ و ئەوەتا لە نێو شەختە و زوقمدا هەتاو سەردەردێنێ و خۆشەویستی گڕی مۆمێک دادەگیرسێنێ و سەرلەنوێ لە بێ هیواییدا و لە تاریکیدا مۆمی هیوا و ڕووناکی پەخش دەکات و ناوی (بێکەس)ی خاوەن هەڵوێست بەرز ڕادەگرێت.

### ج- گێڕانەوە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە

(مۆنۆلۆگ) "زاراوەیەکی گریکییە و لە لێکدانی هەردوو وشەی ((monos )) (تاک) و ((logos)) (قسەکردن) دروست بووە، لەناو دەقدا (تاک) پاڵەوان، یان کارەکتەرە و وەک تەنێکی زیندوو بزاوتی هەیە و قسەدەکات، زۆر جار ئەو قسەکردنەی لەگەڵ پاڵەوان و کارەکتەرەکانی دیکەی ناو دەقەکەیە و هەندێ جاریش قسەکردنەکەی تەنیا لەگەڵ خۆیەتی و تەنیا خۆی دەدوێنێ"(حاجی، ٢٠٠٩، ٢٤١)، مۆنۆلۆگ بەیەکێك لە نوێترین ئەو تەکنیکانە دەژمێرێت، کە لە دەقە چیرۆك ئامێزەکاندا بەکاردێت، "خستنە ڕووی دیوی ناوەوەی مرۆڤە، واتە نەستی، هەروەها ڕێگەی هاتنەدەرەوەی ئەو ویستنانەشە بەرەو دیوی هەستی دەرەوە"(فەرەج،٢٠٢٢،٢٦٣)، یاخود مۆنۆلۆگ "بە مەبەستی دەرخستنی دیوی ناوەوەی کەسەکانە، واتە دیوی نەستی(لاشعور)کەسەکە بەکاردێت" (جاف،١٩٨٥،٨٧)، مۆنۆلۆگ بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆك و ڕۆمان و شیعر و دەقی والا دادەنرێت، چونکە لەم جۆرە گێرانەوەیەدا، گێڕەرەوە سنوری ئاسایی جوڵە و کرداری کەسێتییەکان تێدەپەڕێنێت و ڕۆدەچێتە ناخ و قووڵایی دەروون و هەستە پەنهانییەکانیانەوە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خوێنەر "ڕاستەوخۆ بچێتە نێو جیهانی ناوەوەی کەسایەتیەکانەوە و لە ڕێگەی ڕونکردنەوە و لەسەر ڕۆیشتن و دەربڕینی بیری تایبەت و ئەوەی کە لەبابەتی بێئاگاییەوە نزیکە" (خدر،٢٠٠٧،١٠٩)، خوێنەر ئاشنا دەبێت بە باری سایکۆلۆژی کەسایەتییەکان، کە هەریەکەیان لە ئاستێکی جیاوازی هۆشدان. گێڕەرەوە لە ڕێی هزر و هۆشی کەسایەتیەوە، بەسەربەستی بەناو هەردوو کاتی (ڕابردو و ڕانەبردو) تێدەپەڕێ، مۆنۆلۆگیش دوو جۆری هەیە، کە بریتین لە:

### 1- گێرانەوە لەڕێگەی مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆوە

لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا ئاراستەکردنی قسە و دەربڕینەکان، هەردوو لایەنی، یاخود جەمسەری قسەکەر و گوێگر بوونیان نییە و تەنیا لەیەك جەمسەری قسەکەر، کە (کەسایەتی)یە پێکدێت، بۆیە کاتێك گێڕەرەوە لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەدوێت، لە قسەکانیدا پێویستی بە ڕاڤەکاری و شیکردنەوە نابێت، بە مەبەستی تێگەیاندنی خۆی، بەڵکو بە زمانێکی نارێك و نا لۆژیکی قسە و دەربڕینەکانی ناو هۆشی خۆی وەسف دەکات، واتە نوسەر بیرکردنەوەکانی ناو هزر و هۆشی کەسایەتییەکانی دەقەکەی پێشکەشدەکات، بۆیە مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ "تێیدا گرنگی بە دەستێوەردانی نوسەر و ئەگەری بوونی خوێنەر نادرێت، بەجۆرێك نووسەر بە ڕەهایی یان نزیك لە ڕەهایی لە تەرزە ئەدەبیەکەدا نادیار دەبێت" (همفری، ١٩٧٥،٤٤)، واتە نووسەر دەنگی خۆی دەشارێتەوە و ڕێ بە کەسایەتی نێو دەق دەدات، کە ڕاستەوخۆ هەڵبسێت بە گێرانەوە و پێشکەشکردنی دەربڕینەکانی ناو زەینی خۆی، بۆ نموونە:

بەداخەوە جارێکیتر ئەو کورسیانە و قەنەفەکە بەدووچاو
نابینیتەوە! بەداخەوە ئەوانیش لەگەڵ مام وەیس و میمکە
خەجێ و، ئاوەڵ زاواو، گۆرانیەکی عەلی مەردان و جامانەکەی خودادادی
عەلی و چاکەتێکی "ئەسیری"دا. دوور دوور، دوور

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دوور، سەر بەرەوخوار هەموو بران، ئەنفالکران! کورسی، ل٢٩٥-٢٩٦.

شاعیر کە گێڕەرەوەی دەقە، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناخی خۆیدا دێتە گۆو دەگاتە ڕاستییەکی تاڵ و نەبینینەوەی ئازیزەکانی، باس لە دابڕان ئەکات، کە کاتێک لە کەسە ئازیزەکانمان دائەبڕێین و جاریکی تر نایانبینینەوە، بەڵام هەڵوێست و یادگارییەکانیان هەمیشە لە بیر وهزرماندا بە زیندوویی دەمێننەوە. هەروەها ناو و شکۆی (عەلی مەردان) و (خوداداد عەلی) گۆرانیبێژ و (ئەسیری) شاعیر بەرز ڕادەگرێت و گەورەترین تاوانی مێژووی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستدا، کە بەرامبەر گەلی کورد کرا و سەدوهەشتاودوو هەزار کوردی تیا زیندەبەچاڵکرا، ئەو تاوانەی بەعسییەکان بەبیری مرۆڤایەتی دێنێتەوە.

**2- گێڕانەوە لەڕێگەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆوە**

مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ " نوسەری هەموشتزان هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی بابەتێك کە قسەی خۆی نییە، وەکو ئەوەی لە هۆشی کارەکتەرێکەوە هەڵقوڵێت، کە لەڕێی وەسف و هەڵوێستەکردنەوە ڕێنمایی خوێنەر دەکات بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە" (همفری،١٩٧٥،٤٩)، واتە نووسەر لە ڕێی بەکارهێنانی جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاکەوە قسە و دەربڕینەکانی ناو زەینی کەسایەتی دەگەیەنێت بە خوێنەر، کە بەهۆیانەوە پەردە هەڵدەماڵێت لەسەر دیوی ناوەوە و هۆشی کەسایەتی، بۆیە بە بەردەوامی خوێنەر لە ڕێی گێڕانەوە و ڕوونکردنەوەکانەوە، هەست بە ئامادەیی نووسەر دەکات لەدەقەکەدا، "لەهەمانکاتدا خوێنەر هەست بە بوونی خۆی دەکات، کە وەك گوێگرێك لە کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا ئامادەیە"(خدر،٢٠٠٧،١١٠)، لەچوارچێوەی پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکەدا گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ قسە و دەربڕینەکانی ئاراستەی خوێنەر دەکات. گێڕەرەوە لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا دەبێت بە ناوەندێك لە نێوان کەسایەتی و خوێنەردا و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیرەکانی ناو زەینی کەسایەتی دەگەیەنێت بە خوێنەر، بۆ نموونە :

چێوار مەستە و دێتە ژوورەوە. لەبەر خۆوە، گۆرانیەکی
غەمگین ئەڵێ. دەست ئەداتە کورسیەکە و کەمێك لە
مێزەکە دووری ئەخاتەوە. چەند چرکەیەك
بێدەنگە و ڕاماوە. دوایی ئەڵێ:
چێوار: چاکتر وایە دوا دیمەنی شانۆنامەکە بەم
جۆرە کۆتایی پێبێنم: "ڕووناك" گەیشتۆتە.......
بن بەست چارێک نەماوە و هەر ئەبێ ئەم دۆزەخی.... کورسی، ل١٣٩-١٤٠

لێرەدا گێڕەرەوە لە ڕێگەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆوە، چۆتە ناو زەینی کارەکتەرەکەیەوە، کە چێواری نوسەری شانۆ و مرۆڤە غەمگینە خەمخۆر و بەهەڵوێستەکەی نەتەوەی کوردە، کەسێک هەمیشە شانۆی کردبووە مەیدانی ڕووبەڕووبونەوە و هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەی و دەیویست لەم دەروازەیەوە خەبات بکات، کە ئەم دەقەش نموونەیەکە بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ناوی ئەو کەڵە پیاوە.

یان دەڵێت: بیری ئەکردەوە لەوەی
چییکات بۆ ئەوەی سبەینێ
لە نێوانی دوو باخچەدا
شەڕی نێوان جۆگەکان و
جەنگی نێوان گوڵەکان و درەختەکان هەڵگیرسێنێ.!
جارێکیتر من گوێم لە عەقڵی پیاوێ بوو
بیری ئەکردەوە لەوەی چۆن تەنها خۆی
هەر خۆی و بەس
دەرگا بێت و کلیل بێت و
ماڵەکەیش بێت!. کورسی، ل١٨٧-١٨٩

لێرەشدا گێڕەرەوە، ڕۆچۆتە ناو بیرکردنەوە و ناخی دوو کارەکتەرەوە وەک دوو نموونەی دزێوی ناو کۆمەڵگا، بە مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ باس لە ئەقڵی شەڕنگێزی و دوژمنکاری و قۆرخکاری و دەسەڵات و خەوشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە ئەم شێوە مرۆڤانە هەمیشە ڤایرۆس و دەردێکی کوشندەی نێو کۆمەڵگان و مایەی مەترسین.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**د- گێڕانەوە لە ڕێی فلاشباکەوە**

فلاشباك یەكێكە لە تەكنیكەكانی گێڕانەوە و بە توخمێكی گرنگی بونیاتی گێڕانەوە دادەنرێت و تێیدا گێڕەرەوە لە ڕێی بیركردنەوەی كەسایەتییەكانەوە، بەسەر هاتێك لە ڕابردووەوە دەهێنێت و پێشكەشی دەكات، یاخود خۆی ڕاستەوخۆ دەیگێڕێتەوە، گێڕانەوەكەیش كەسێتیەكان ئەنجامی دەدەن و لە ڕێییەوە ڕوداوەكانی ڕابردوو دەگەڕێننەوە و لە چوارچێوەی كات و ڕووداوەكانی ئێستادا چالاكی پێدەبەخشن. بە جۆرێك، كە نووسەر لەكاتی گێڕانەوەدا، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ ڕووداو،كە لەڕابردوودا ڕوویداوە و كاریگەری لەلای ئەم بەجێهێشتووە. واتە كاتێك نووسەر دەستدەكات بە پێشكەشكردن و گێڕانەوەی یەكەم خاڵی ڕووداوەكان و بەردەوام دەبێت لە بەرەوپێشبردنیان، بەپێی پێویستی دەقەكە زۆرجار ئاراستەی بەرەو پێشچوونی ئەو ڕووداوانە ڕادەگرێت و پاشی دەخات، بۆ ئەوەی لەڕێگەی تەكنیكی فلاشباكەوە بگەڕێتەوە بۆ كاتی ڕابردوو و هەندێك لەو بەسەرهات و ڕووداوانەی لە ڕابردودا ڕویانداوە بگێڕێتەوە و پێشچاویان بخات، چونكە فلاشباك "بۆ ئەوە ئەنجامدەدرێت، كە ڕووداوە بەجێهێڵراوەكان، یان ئەوانەی گێڕەرەوە بەسەریدا تێپەڕیوە و لەكاتی خۆیدا باسی نەكردوون، لەكاتی ئێستادا دەیگێڕێتەوە" (ئەلۆمنی،٢٠٠٤،٤٠)، بەم پێیە یەكێك لە گرنگترین ئەركەكانی فلاشباك ئەوەیە، كە "گێڕەرەوە لە ڕێی فلاشباكەوە، ڕابردوو لە ئیستای گێڕانەوەدا پێشكەش دەكات، بۆیە خوێنەر هەستدەكات ڕووداوەكان لە ئێستادا ڕوو دەدەن" (العانی،١٩٨٧،١٦٨)، هەروەها "وەسف و ڕاڤەكردنی هەندێك ڕوداوی ڕابردوو، لەژێر تیشكی گۆڕانكارییە نوێكاندا دەكات، بۆئەوەی واتای نوێیان پێ ببەخشێت" (قاسم،١٩٨٤،٤٠). فلاشباك بەوە لە شێوازەكانی دیكەی گێڕانەوە جیا دەكرێتەوە، كە هەمیشە یەك ئاراستە دەگرێتە بەر، ئەویش گەڕانەوەیە بەرەو ڕابردوو.

لەو چوارچێوەیەشدا و بە هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی دیوانی (كورسی) دەبینین لە دیوانی (كورس)ی (شێركۆ بێكەس)دا فلاشباك پانتاییەكی فراوانی هەیە، بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین سەرجەم دیوانەكەی ڕووپۆشكردووە، چونكە شاعیر لە ڕێگەی (كورسی)یەوە، دەمانباتەوە بۆ ڕابردوو و لە ڕیگەی فلاشباكەوە ڕابردوو و ئیستای گیرانەوە بۆ خوێنەر پەخشدەكات.

**بەشی سێیەم: جۆرەكانی فلاشباك لە دیوانی كورسیدا**

بەگشتی لەم دیوانەدا چەند جۆرێک فلاش باک بوونیان هەیە، لەوانەش وەک:

**1-گێڕانەوەی فلاشباكی دەرەكی:**

مەبەست لەو جۆرە فلاشباكەیە، كە تێیدا نووسەر ئەو ڕوداوانە دەگێڕێتەوە، كە لە ڕووی كاتەوە دەكەونە پێش خاڵی سەرەتای دەسپێكردن، "وەكو گەڕانەوە بۆ باسكردنی ڕابردووی دووری ژیانی كەسایەتییەكان (تەمەنی منالّی، ناوی باوكی، ناوی باپیری، خێڵ و عەشرەتیان، جۆری پیشە و ئاستی كۆمەڵایەتیان و...تاد" (ئەلۆمنی،٢٠٠٢،٢٢)، واتە گێڕانەوە و پێشكەشكردنی ئەو ڕووداو و زانیاریانەی، كە لە ڕووی كاتەوە دوورن لە ئێستای گێڕانەوە و دەكەونە دەرەوەی خاڵی دەسپێكردن، بۆ نموونە :

كورسییەكی كورتەباڵای بەتەمەنە و
ئێسك سووك و تەوێڵ پان و
دەست باریك و ناوشان تەنگەو
بەڵام هێشتا وریاو قنجەو
قاچێكی كەمێ ئەشەلێ و......... كورسی، ل١٥.

شاعیر لە ڕێگەی تەكنیكی فلاشباكەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای گێرانەوە و لە ڕێگەی وەسفی كورسییەكەوە، وێنای لەشولاری پیاوێكی بەساڵاچووی كوردمان بۆ ئەكێشێت، كە چەندین سەختی دیوە، بەڵام هێشتا وریا و خۆڕاگرە و قورسی ژیان و نەهامەتی و دەردە سەرییەكانی ژیان چۆكیان پێدانەداوە.

یان دەڵێت: بەیانیت باش!
بەیانیت باش!
هەواڵی ڕەز؟ هەواڵی باخ؟!
هەواڵی ئاو؟! هەواڵی دار و دارستان؟!
لێم ئەپرسی.
ئەویش هەمو جارێ ئەیوت:
مادام ڕەشەبا نوستووە و تەور ونە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دنیا باشە! کورسی، ل٣٧-٣٩

شاعیر بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە ڕێگەی فلاشباکەوە، باس لە پەیوەندی نێوان دوو کەسایەتی باش دەکات، لە زمانی پەپولە و درەختەوە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە دنیا هەمیشە باشە، ئەگەر کەسە ناحەز و دوژمن و خۆ فرۆش و دڕەندەکان لێبگەڕێن.

**2 -گێڕانەوەی فلاشباکی ناوەکی:**

مەبەست لەو جۆرە فلاشباکەیە، کە نووسەر لە ڕێگەیەوە ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە دەکەونە نێوان هەردوو کاتی دەستپێکردن و کاتی ئێستای گێڕانەوەکەوە، واتە "گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە، کە پاش دەستپێکردنی گێڕانەوە دەکەون، بۆئەوەی ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە،کە لەکاتی دەستپێکردنی گێڕانەوەکە لەبیر کراون، یان دەرفەتی گێڕانەوەیان نەبووە" (ئەڵوەنی،٢٠٠٢،٢٢) و "نووسەر تێیدا پابەند دەبێت بە زنجیرەی یەك لە دوا یەکی ڕووداوەکان لەسەر هێڵێکی زنجیرەیی و کاتی (زمنی) دا" (قاسم،١٩٨٤، ٤٠_٤١) شایەنی باسە ئەم جۆرە فلاشباکەش زیاتر لە دەقی نوێدا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە :

ئەم کورسییە بەرەچەڵك
کوڕی کوڕی
دارگوێزێکی نەقشبەندی بەناوبانگی هەورامانە.
باپیرە گەورەی وەختی خۆی
پەیکەرتاشی سەر تەختە بوو
هێندەی باران دەست ڕەنگین و
هێندەی کەوێڵی ڕوو لە "با"یش
بەئامۆش بوو.................. کورسی، ل٢٠-٢١.

وەک دەبینین، شاعیر لە ڕێی فلاشباکی ناوەکییەوە و وەسفی بنەچەی کورسییەکەوە، دەمانباتەوە بۆ ناو سروشتە جوان و ڕەنگینەکەی هەورامان و لێهاتوویی و دەست ڕەنگینی هەورامییەکان و باسکردن لە تەریقەتی ئاینی نەقشبەندی، کە یەکێکە لە تەریقەتە پیرۆز و جوانەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لە پاڵ تەریقەتی قادریدا، کە هەردووکیان دوو تەریقەتی ناوداری ئاینی ئیسلامن و لە کوردستاندا برەویان هەیە.

یان دەڵێت: یادەوەریم
لەسەردەمی درەختیما، وا تێنەگەن
هەمووی هەر لەناو باخەڵی سەوزی کچ و
یان لەناو سەمای زیوینی مانگ و بەفراو
یان لەناو ماچی نارنجی و شەوی سوری
هەناران و ئۆخژنی ڕەنگاوڕەنگابوو!...... کورسی، ل٨١

گێڕەرەوە بە هەمان شێوە لە ڕێی فلاشباکی ناوەکییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی کورسی و سەردەمی درەختیی و، باس لە یادەوەری و سەردەم و ڕۆژگاری گەنجی کورسی دەکات، کە هەمووی بە خۆشی تێنەپەڕیوە و پڕ بووە لە ناخۆشی و دەردەسەری و نەهامەتی. شاعیر لێرەوە هونەرمەندانە ڕۆژگارە سەختەکانی ژیانی کوردەواری و لادێکانمان وەبیر دێنێتەوە، کە چۆن بەدەست دوژمنە سەرسەختەکانی گەلی کورد و ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکان و ڕژێمی فاشیستی بەعسەوە، هەمیشە کورد دووچاری نەهامەتی و کوشتن و دەربەدەری و ئاوارەیی بووە و لە زێدی باو و باپیرانی وەدەر نراوە.

**3- گێڕانەوەی فلاشباکی ئاوێتە**

ئەو جۆرەیە، کە نووسەر ڕەوتی بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان، لە کاتی ئێستادا ڕادەگرێت و پاشی دەخات و دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ڕابردوو، بەجۆرێك ئەو پرۆسەی گێڕانەوەیە بەوەندە کۆتایی نایەت، بەڵکو بەردەوام دەبێت تا دەگاتەوە ڕووداوەکانی کاتی ئێستاو لەگەڵی تێکەڵ دەبێ و لەوێوە جارێکی تر گێڕانەوەکە بەرەو ئایندە هەڵدەکشێ" (ئەڵوەنی،٢٠٠٤،٢١٤)، واتە لە فلاشباکی ئاوێتەدا هەردوو جۆرەکە تێکەڵ بەیەك دەبێت و پێکەوەیان گرێ دەدات، بۆ نموونە:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەبەر چاومان دار چنارە
کچەکانیان ئەتك ئەکرد.
ڕەزە ژنیان تینوو ئەکرد هەتا ئەمرد.
چییان نەکرد؟!
سەردەمی درەختیم تێپەڕیو
ڕۆژێ هات قڵیشام
کەرت کەرتیان کردم و
خشەخش بەسواری ئێستری
ڕاکێشرام بۆ شاری هەڵەبجەو
چوومە لای خواوەندی دارتاش و
کردیانم بەکورسی! کورسی، ل٨٨-٨٩

وەک دەبینین لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی فلاشباکی ئاوێتەوە، ئاوێتەی ڕابردوو ئەبێت و لە ڕێی بەسەرهاتی کورسییەوە ڕابوردوو بە ئێستاوە گرێ دەدات و باس لە ڕاگواستن و سووتان و کوشت و بڕی کورد دەکات لەسەر دەستی بەعسی فاشیست، دەمانباتەوە نێو شاری پێنج هەزار شەهید، کە ڕژێمی دڕندەی بەعس گەورەترین تاوانی مرۆڤایەتی و سەدەی بیستی لە ١٩٨٨/٣/١٦دا، تیا ئەنجامداو چەکی قورس و چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی تیا بەکارهێنا، تەنانەت ڕەحمی بە دار و درەخت و ئاژەڵ و باڵندە و مێروەکانیش نەکرد.

یان دەڵێت: ئابەم جۆرە
مەزات هات و مەزات ڕۆیشت و پیری هات و گەنجی ڕۆیشت و
منیش لەناو ئاپوورەی شرکەوپرکەدا و لە بازارێکی
بێگوێدا خۆم بینیەوەو چاوەڕێی چارەنووسم بووم
بەڵام ئەمەوێ لێرەدا بوەستم و
بگەڕێمەوە بۆ دواوە،
بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا. کورسی، ل٢٢٥-٢٢٦

لەم دەقەشدا شاعیر جارێکیتر، بە فلاشباکی ئاوێتە و گەڕانەوە بۆ ڕوداوەکانی ڕابردوو، ئاوێتەی ڕابردوومان دەکاتەوە و باس لە گەنجێتی و سەرکێشی و چاونەترسی گەنجی کورد دەکات، دەمانباتەوە نێو شەڕی بەردەرکی سەرا، کە مەبەست لێی ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ساڵی (١٩٣٠) بەر دەرکی سەرایە، کە تیایدا خەڵکی سلێمانی لە دژی هێزی داگیرکەری ئینگلیز و حوکمی پاشایەتی ئەو کاتەی عیراق ئەنجامیاندا، چەندین کەسایەتی ناوداری شار تیایدا بەشدار بو و کۆمەڵێک شەهید بون و کەسانێکی زۆر گیران، (بێکەس)ی نەمر شیعری (٢٧ ) ساڵە، کە دژ بە (ئەدمۆنس) و (ئینگلیز) بوو، خوێندییەوە و زیاتر جۆشوخرۆشی خستە نێو جەماوەری ڕاپەڕیوەوە و یەکێک بوو لە گیراوەکان.

**دووەم: گێڕانەوەی بابەتی**

بریتییە لەو جۆرە گێڕانەوەیەی کە تیایدا " گێڕەرەوە ئاگاداری ڕوداوەکانە، ئەگەرچی بە رووکەش بێلایەنە، بەڵام تەواوی گێڕانەوەکە بەڕێوە دەبات و ڕووداوەکانی لەدەرەوە ئاراستە دەکات" (ڕەئوف،٢٠٠٩، ١٦٢_١٦٣). گێڕانەوەی بابەتی لە ڕووی مێژووییەوە بە کۆنترین جۆری گێڕانەوە دادەنرێت، هەر لە حیکایەت و چیرۆکە میللی یەکانەوە (چیرۆکی بەرئاگردان) و ئەفسانەوە کە سەرەتا دەماودەم گێڕدراونەتەوە، تا ئەو کاتەی کە بەشێوەیەکی هونەری نوسراونەتەوە، بەم جۆرە گێڕدراونەتەوە و پێشکەش کراون. لە گێڕانەوەی بابەتیدا " گێڕەرەوە هەوڵدەدات هەموو شتەکان بگێڕێتەوە بۆ سنووری دەسەڵاتی خۆی، لە ڕێی نیشتەجێبوون و خۆشاردنەوە لە نێو کەسێتییەکان" دا(مستەفا،٢٠٠٨،١١٩) و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان و بەسەرهاتەکانیان.

لە گێڕانەوەی بابەتیدا نوسەر ئاگاداری هەموو شتەکانە، تەنانەت بیروبۆچوون و هەستە نادیارەکانی کەسایەتییەکانیش، کە نوسەر بەشێوەیەکی نادیار، لە ڕێگەی گێڕەرەوەیەکی دەرەکییەوە ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە و وردەکاری و هەستی ناوەوەی کەسایەتییەکان بە خوێنەر دەناسێنێ. لە گێڕانەوەی بابەتیدا "گێڕەرەوە خۆی ڕوداوەکان هەڵدەبژێرێت و هۆکارەکانیان ڕووندەکاتەوە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەبێ ئەوەی هیچ سنورێك لە نێوانیاندا بکێشێت، کەسێتییەکانیش لە چوارچێوەی ئەو ململانێیەی، کە لە بیر و دەروون و ئەو پەیوەندییەی نێوانیاندایە دەخاتە ڕوو، بێجگە لەوەی وەسفی تەواوی ژینگە و هۆکاری بەرپابونی ڕووداوەکان دەکات" (العانی،١٩٨٧،١٦٨)، ئەمەش وا دەکات دەسەڵاتی تەواوی هەبێت و بچێتە نێو جیهانی کەسێتیەکان و تایبەتیەکانیان بخاتەڕوو. لەم جۆری گێڕانەوەیەدا گێڕەرەوە لە کاتی بەرەوپێشچوون و ئاڵۆزبوون و بەیەکداچوون و هەڵکشانی ڕووداوەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت، زۆرجار ئەو توانا ڕەهایەی نامێنێت بەهۆی دروستبوونی ئاڵۆزی و زیادبونی گرێکان، ئەو کاتەش ڕۆڵی کەسایەتییەکان دەردەکەون و کارا دەبن و دەبنە دەربڕی هەست و ویستەکانیان و ڕۆڵی گێڕەرەوەی بابەتیش کزدەبێت.

لەو ڕووەشەوە تزفیتان تودوروف گێڕانەوەی بابەتی دابەشدەکات بەسەر سێ جۆردا (تودوروف،٢٠٠٣،٢١):

**1-گێڕەرەوەی هەموو شت زان :**

لێرەدا گێڕەرەوە تایبەتمەندە بەوەی هەموو شتێك دەربارەی کەسایەتییەکانی ناو گێڕانەوەکەی دەزانێت، وەك قوڵایی ناخ و دەروونیان و بیرکردنەوەیان و هەستیان، واتە هەموو بەربەستەکان تێدەپەڕێنێ و لەنێوان شوێن و کاتدا بەبێ هیچ سنورێك یاریدەکات، گێڕەرەوە لەسەر زاری بکەر نادیارەوە، هەڵدەسێ بەکاری گێڕانەوە. لە دیوانی "کورسی"دا، ئەم جۆرەیان لەدوو جۆرەکەی تر زیاتر بەدیدەکرێت، بۆ نموونە:

کورسییەکی شپرزەیەو خەیاڵاوی.
هێندەی تەپڵەکی جگەرەی پڕ لە سووتوو
بێتاقەتەو
کاتێ سەرنجی لێئەدەیت
ئەڵێی هەورێکی بچکۆلەی
دڵگوشراوی سەر سەیوانەو
تەمێك کەوتۆتە سەر دیدەی.
کە گوێشت نا بە سنگیەوە
وا هەستئەکەی
دەنگی ڕۆحی وەکو جەستەی
هەڵئەقرچێ و بەردەوامیش
وەکو بڵێی لە جۆلانەی ئاگردایە........... کورسی، ل١٦-١٨

شاعیر لە ڕێگەی گێڕانەوەی بابەتی هەمووشت زانەوە، لە وەسفی کورسییەکەوە، وێنای کوردێکی پڕ حەسرەت و خاوەن خەون و خولیا و بەش مەینەت بەدەست ئازارەکانی ژیانەوە، دەکێشێت و باس لە سەیوان دەکات، کە ئاماژەیە بۆ سەرقەبرانی گردی سەیوان لە سلێمانی، کە چەندین ناودار و نەبەرد و قارەمان و شەهیدی لە ئامێز گرتووە.

**2 -گێڕەرەوەی هەمان شت زان**

لێرەدا، گێڕەرەوە هاوشانە لەگەڵ کارەکتەردا لە زانیندا، واتە گێڕەرەوە لەگەڵ کارەکتەردا پێکەوە دەگەنە ڕووداوەکان و لەزانینی ڕوداوەکاندا پێش ئەو ناکەوێ، هیچ ڕوونکردنەوەیەکمان لەسەر ڕووداوەکان ناداتێ لەپێش ئەوەی، کە کەسێتی بیگاتێ، واتە لێرەدا گێڕەرەوە بە (جێناوی قسەکەر) گفتوگۆ دەکات، واتە گێڕەرەوە هاوشێوەی کەسایەتی نێو گێڕانەوەکەیە، بۆ نموونە:

منی نووسەری ئەم دەقە، دێر زەمانە،
لەم شارەدا، چون "با"یەکی شێت و وێتی
پێخاوسی شەرواڵ دڕاوی سەرگەردان،
دێم و دەچم و، جارێك ئەبم بە شیعرێکی
مەست و سەرخۆشی مەیخانە و، جارێکی دی،
بە چیرۆکێکی کۆماوەی ناو خەڵوەتێکی سۆفیانە و،
یان بە گوناهی بێداڵدەو، یان بە پەخشانی
بێ ماڵی ئەو دەشتانە و، یان بە شانۆی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

گەڵاڕێزان. کورسی، ل١٢-١٣

لێرەدا شاعیر وەک خۆی دێتە ناوەوە و وەک هەر کارەکتەرێکی تری ناو دیوانەکەی ڕۆڵ دەگێڕێ و هاوشانی ئەوان دێتە مەیدان و باس لە ڕاستییە تاڵەکان و سەرگەردانی و ڕۆژگارە سەختەکان و ڕۆڵبینینە جیاوازەکان و گۆڕانکارییە نادیارەکان دەکات.

**3-گێڕەرەوەی کەم شت زان**

لێرەدا گێڕەرەوە زانیاری و تێڕوانینی کەمترە لە ئاست هەر کارەکتەرێکی نێو گێڕانەوەکە. واتە گێڕەرەوە ناتوانێ وەسفی هیچ شتێ بکات، جگە لەوەی کە دەیبینێ و دەیبیستێ، ناتوانێ دوورتر لە سنوری بینینی خۆی بڕوات، وەك قسەکردن لەسەر هۆشمەندی کەسایەتییەکان و بیرکردنەوەیان، و ناتوانێ ڕای خۆی لەسەر ڕووداوەکان بڵێت، واتە تەنها گێررەوەیەکی بێلایەنەو بەس. بۆ نموونە:

عاشق ئەڵێ:
من بمەوێ خوا ببینم، زوو ئەیبینم
بەڵام ئەو دەمەی سووتانم
ئەمکا بە هەڵمی سەر "تار" و
تەنها کاتێ کە ڕامانم لەناو ڕۆحما نوقوم ئەبێ و
تەنها کاتێ شەوی ئازار
لە شپرزەیی پەنجەما
پەرت پەرت ئەبێ‌و
لە وردوخاش بوونی خۆمدا
کامڵبوون و نوێبوونەوەی عەشق ئەبینم! کورسی، ل١٢٦-١٢٧

لێرەدا شاعیر گێڕەرەوەیەکی کەم شت زانە و بێلایەنانە لە زمانی عاشقێکەوە دەدوێت، باس لە هەست ناسکی پاکی عاشق دەکات، کە بەدەر لە خۆشی و ناخۆشی و جوانی و ئازار و مەینەتییەکانی ژیان، ئەم دنیایەکی تایبەتی بە خۆی هەیە و لە ڕۆحێکی پاکەوە ئاوێتەی عەرشی پەروەردگار دەبێت و ئەوەی عاشق دەیبینێ و هەستی پێدەکات، کەسانی ئاسایی نایبینن.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە ئەوەی، کە:

١- گێڕانەوە ئەو تەکنیکە گرنگەیە، کە شاعیر هونەرمەندانە توانیویەتی سوودی لێ ببینێت و لە دیوانی (کورسی)دا، هونەرمەندانە ڕەنگی پێ بداتەوە.
٢ -گێڕانەوەی خودی زیاتر بە نووسەرەوە پەیوەستە، ئیدی بە ڕاستەوخۆیی بێت، یان ناڕاستەخۆ.
٣- گێڕانەوە لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە چالاکترین جۆری گێڕانەوەیەو گێرەرەوەی هەمووشتزان جڵەوی ڕووداوەکان دەگرێتە خۆ.
٤- شاعیر لە پێناو بەشداریکردن بە کەسێتییەکان و دەرچوون لە گێڕانەوەی کەسییەوە بۆ واقیعی حاڵ، لە ڕێگەی چەند کارەکتەرێکی شاری سلێمانییەوە، گێڕانەوەی مێژوو بە چەند قۆناغێک دەخاتە ڕوو.
٥- گێرەرەوەی سەرەکی و لاوەکی و... تاد خودی شاعیرە، ئەمەش لە ڕێگای پاشخانی مەعریفی خۆیەوە، ئەوەی سەلماندووە.
٦ ـ لە گێڕانەوەی بابەتیدا گێرەرەوە ئەرکی گێڕانەوەی سەرجەم بەسەرهات و ڕوداوەکان دەگرێتە ئەستۆ.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (1)، حزيران 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: کتێبەکان**

**أ- کوردیەکان**

- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٠٦)، ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی رەخنەیی، چاپی یەکەم، کوردستان-سلێمانی، ساڵی.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید، (٢٠٠٤)، بیناى کات لە سێ نمونەى رۆمانى کوردیدا (ژانی گەل، شار، راز)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ئەڵوەنی،د. نەجم خالید (٢٠٠٩)، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، دەزگای رۆشنبیری شەفەق، چاپی یەکەم، کەرکوك.
- باختین، میخائیل (٢٠٠٨)، سەودای وتووێژ و پێکەنین و ئازادی، وەرگێرانی د.بەختیار سەجادی،چاپی یەکەم، چاپخانەی دهۆك.
- بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٥).، کورسی(شیعر)، بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی رادیۆ نەوا، چاپی یەکەم.
- جاف، حەسەن (١٩٨٥)، چیرۆکی نوێی کوردی، هەولێر.
- رەئوف، لوقمان (٢٠٠٩)، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان-سلێمانی.
- رەسول، د.شوکریە (٢٠٠٥)، تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی(مارف بەرزنجی)دا.
- فەرەج، سنوور قادر، (٢٠٢٢)، تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی "گوڵی رەش"ی شێرزاد حەسەندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
- سدیق، ئارام (٢٠١٢ )، دەستپێک لە چیرۆکی کوردیدا، سلێمانی.
- طه، عبدالصمد اسلام (٢٠٠٢)، رەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا(1932-1943)، هەولێر.
- کەسنەزانی، بوشرا (٢٠٢٢)، جوانیناسیی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- حەمە، ئازاد (١٩٩٥)، رەهەندی تێڕامان و جەستەی وتاری رۆشنبیری هاوچەرخ، چاپی یەکەم، سوید.
- حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد(٢٠٠٩)، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی (خانی) دهۆک.
- خاڵ، شێخ محەمەدی خاڵ(٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- خەزنەدار، د. مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، سەدەکانی چواردەم-هەژدەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس(٢٠٠٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- محمد، د.عبدالقادر حمە امین (٢٠٠٨)، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- محەمەد، ئاوات (٢٠٠٨)، دەق و راڤەکاری، سلێمانی.
- وێبستێر، راجێر (٢٠٠٦)، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، و. عبدالخالق یەعقوبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
- محمد، میران جەلال (٢٠٠٩)، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
- یعقوبی، عبدالخالق (٢٠٠٥)، دەنگی بلورینی دەق، چاپخانەی راز، چاپی یەکەم، سلێمانی.

**ب- عەرەبییەکان**

- **الخطیب، ترجمة ابراهیم (١٩٨٢)، توماشفسکی والشکلانین الروس، نظریة المنهج الشکلی، بیروت.**
- قاسم، سیزا احمد (١٩٨٤)، بناء الروایة (دراسة مقارنة لثلاثیة نجیب محفوظ)، الهیئة المصریة العامة للکتاب.
- مصطفی- علي(٢٠٠٠)، د. فائق – د.عبد الرضا، فی النقد الادبي الحدیث (منطلقات و تطبیقات)، دار الکتب للطباعة والنشر، الطبعة الثانیة، الموصل، سنة.
- همفري، روبرت (١٩٧٥)، تیار الوعي في الروایة الحدیثة، ترجمة د. محمود الربیعي، دار المعارف بمصر، قاهرة.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**دووەم: گۆڤارەکان**

**أ- کوردیەکان**

- ئەڵوەنی، نەجم (٢٠٠٢)، بونیادی گێرانەوە لە کورتە ڕۆمانی ملازم تەحسین و شتی تریش، بەشی یەکەم، گۆڤاری ڕامان، ژمارە5، شوبات.
- سوبحی، ئازاد (٢٠٠٠)، مەرگی تاقانەی دووەم، گێرانەوەی زیندوو.... خەونی مردوو، گۆڤاری ڕامان، ژ43، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندی گوڵان، هەولێر.

**ب- عەرەبیەکان**

- تودوروف، تزفیتان (٢٠٠٣)، الانشائیة الهیکلیة، ترجمة مصطفی التواتي، مجلة الثقافة الاجنبیة، العدد3، دمشق.
- مجله الآقلام، العدد (٤ – ٥ )نیسان – أیار، ١٩٩٤.

**سێیەم: نامەکان**

**أ- کوردیەکان**

- حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٥)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق 1950-1970، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین.
- خدر، ڕێزان رەحمان(٢٠٠٧)، تەکنیکی گێرانەوە لە ڕۆمانەکانی (عبدوڵا سەراج)دا، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین.
- کاکە محەمەد، بوشرا قادر (٢٠٢٢)، ئێستاتیکای گێرانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتورا، کۆلیجی زمان، بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
- مستەفا، ریزان عوسمان (٢٠٠٨)، بنیاتی جۆرەکانی ڕوداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان(1985-1990)، نامەی ماستەر، ک.زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**ب- عەرەبیەکان**

- العاني، شجاع مسلم دغیم (١٩٨٧)، البناء الفني في الروایة الحرب العربیة في العراق، اطروحة دکتوراه، کلیة الاداب، جامعة بغداد.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.1.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)